# کاتێ کە بەها نەتەوەییەکان دەبنە قوربانی



د. بورهان یاسین

"...ئایا گەر دوو هێز بانگاشەی نەتەوەیی بوون و دیموکراسیی بوون بکەن، چۆن دەبێ وا بە ئاسانی ئەم هەموو چوارچێوە و بەهایانە (نەتەوەیی و دیموکراسی و کوردستانی) تێکبشکێنن و وەکو دوو دوژمنی سەرسەخت بەرانبەر یەکتر بجەنگن؟ چ یەکێتی و چ پ.ک.ک، هیچیان لە سەد کەمتر بۆ خۆیان دانانێن، کە کاتێ باس دێتە سەر ئەم بەهایانە."



ئەم شەڕی براکوژی (خۆکوژی)یە، یەکەم ململانێی خوێناوی نییە لەنێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا و لەوە دەچێ ئاخریش نەبێت. هیوا خواستن، کە ئەمە دواململانێی خوێناوی بێت، بەس نییە؛ ئەگەرچی هەموو کوردێکی دڵسۆز ئەم هیوایەی هەیە. لە ڕاستیدا لە تێڕوانینێکی لایەنە جۆراوجۆر و ئاڵۆزەکانی جوڵانەوەی سیاسی لە کوردستان و وردبوونەوە و هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانەدا لێیان، دەتوانین چەند هۆکارێکی هەرە گرنگ دەستنیشان بکەین بۆ شەڕی خۆکوژی، کە لەوە ناچن وا بە ئاسانی لە ناوبچن:
١– کولتووری سیاسی کە تیایدا ململانێ و چەک لە یەکتر ڕاستکردنەوە باڵادەستە، نەک دیالۆگی ئارام و دیموکراسییانە؛ ٢– ئەو پەیوەندیانەی کە هێزە سیاسییەکانی کوردستان دەیبەستن لەگەڵ ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان؛ ٣– باڵادەستیی بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتی و ناوچەگەریی و نامۆیی بەها نەتەوەییەکان، لە بڕیار و هەڵسوکەوتی سیاسیدا. هەڵبەتە جگە لەمانە زۆر هۆکاری تریش هەن کە دەبێ لەهەر حاڵەتێکی تایبەتیدا دەستنیشان بکرێن.
لە میدیای "پ.ک.ک"دا لە ماوەی دواییدا ئەوە بەرگوێ دەکەوێ کە گوایە یەکێتی نیشتیمانی لە شەڕەکەیدا بەرانبەر پ.ک.ک، ئامرازێکی کاریگەری پیلانێکی نێونەتەوەیی و ئامرازی دەستی ڕژێمی تورکیایە، بۆیە یەکێتی ئەم شەڕە بۆ داگیرکەران دەکات. بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەشەوە، یەکێتی وای لە خەڵک گەیاندووە کە پ.ک.ک دەستدرێژکەرە و پێویستە لەسەری کە باشوور یان هەر نەبێ هەندێ لە ناوچەکان جێبهێڵێ. دیارە لەم شێوە ناساندنەیاندا، یەکێتی و پ.ک.ک، دەخوازن وا لە خەڵک بگەیەنن کە ئەم شەڕە دەکرێ بە ئاسانی بە چمکی خێر و شەڕ یان دەستدرێژکەر لەلایەک و غەدرلێکراو لەلایەکی ترەوە ببینرێ، دیارە ئەم شێوە ناساندنەی هەردوولایان، سادەیە و دوورە لە ڕاستی و هەر نەبێ خۆی لە لایەنی لێکدانەوەی بەرپرسیارانە و نەتەوەییانە لادەدات.
لە بابەتی شەڕی براکوژیدا، دەبێ بەر لە هەرشتێ باس لە زیانە کوشندەکانی شەڕ بکرێ و بە ئاشکرا دەستنیشانی ئەوە بکرێ کە ئەم جۆرە شەڕانە چەندە برینی ستراتیژی و ئایدۆلۆژی کوشندە لە جەستەی جوڵانەوەی نەتەوەیی کوردستاندا دروستدەکەن و چەندە زیانبەخشن بۆ کەسایەتی نەتەوەیی لە ڕووی ناوەوە و دەرەوەی ئەم کەسایەتییەدا. دەبێ هەر شەڕێکی نێوان هێزەکانی کوردستان ببن بە هۆی ئەوەی کە هەر نەبێ ڕۆشنبیران و دڵسۆزانی بیری نەتەوەیی بە هەندێ نیشانەی پرسیاری جیدییەوە بێنە قسە.
هەندێ لەو پرسیارانە ئەوەن: ئایا گەر دوو هێز بانگاشەی نەتەوەیی بوون و دیموکراسیی بوون بکەن، چۆن دەبێ وا بە ئاسانی ئەم هەموو چوارچێوە و بەهایانە (نەتەوەیی و دیموکراسی و کوردستانی) تێکبشکێنن و وەکو دوو دوژمنی سەرسەخت بەرانبەر یەکتر بجەنگن؟ چ یەکێتی و چ پ.ک.ک، هیچیان لە سەد کەمتر بۆ خۆیان دانانێن، کە کاتێ باس دێتە سەر ئەم بەهایانە. ئەوەی ڕاستی بێت لەڕووی لێکۆڵینەوەی زانستی (مێژوویی - سیاسی)یەوە سەلمێنراوە کە دوو دانە سیستەمی دیموکراسی لە هیچ حاڵەتێکدا بەرانبەر یەکتر ناجەنگن و لە مێژووشدا ڕووی نەداوە.
یەکێتی نیشتیمانی سەرکێشیی مۆدێرنیزم و دیموکراسیی بۆ خۆی قبووڵە، هەرنەبێ لە هاوکێشەی باشووردا، "پ.ک.ک"ەش دەخوازێ ببێ بە داهێنەر و ئەستێرەی پرشنگدار لە پرۆسەیەکی بە دیموکراسی بووندا لە تورکیا، گەر وایە، چۆن دەبێ ئەم دوو هێزە بەرانبەر یەک بجەنگن. ئایا بۆچی پ.ک.ک، تا ساڵێک لەمەوبەریش وەک هێزێکی کوردستانیی دەرەجە یەک هەڵسوکەوتی لەگەڵ یەکێتیدا دەکرد و لە پرۆژەی کۆنگرەی نەتەوەیی سەر بە پ.ک.ک خۆیدا، بە بەردی بناغەی دادەنا؟ دیارە بەرانبەر بەوەش یەکێتی تا دوێنێیەکی نزیک لە پەیوەندییەکی چڕ و خورتدا بوو لەگەڵ پ.ک.ک، کەچی ئەمڕۆ دەبێ بە هێزی چەک باشوور بەجێبهێڵێ.
ئەوەی لەم شێوە هەڵسوکەوتە دەردەکەوێ، ئەوەیە کە بەڵێ بەها نەتەوەییەکان دروشمی کاتی و تاکتیک و ڕووکەشن و ئەوەی کە کاکڵی میکانیزم و پاڵپێوەنەرە، بەرژەوەندیی تایبەتی و هاوپەیمانیی ئیقلیمییە لەگەڵ داگیرکەران و خۆگونجاندنە لەگەڵ نەخشەی جیوستراتیژیی ناوچەکەدا، کە باڵادەست و براوە تیایدا، هێزە داگیرکەرەکانی کوردستانن...
ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێ زیاتر پێویستە ڕۆشنبیران و دڵسۆزانی بیری نەتەوەیی بە کۆمەڵێ نیشانەی پرسیاری ڕەخنەگرانە و بوێرانەوە بێنە دەنگ، ئەمەش ڕێخۆشکەر دەبێ بۆ پەردە هەڵماڵین لەسەر ڕووی ڕاستییەکان و زامن دەبن بۆ دووپات نەبوونەوەی شەڕی خۆکوژی.
مرۆ دەکارێ بپرسێ ئایا گەر پ.ک.ک هاتۆتە سەر ئەو قەناعەتەی کە ئیدی مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی تورکیایەکی یەکگرتوودا چارەسەر دەکرێت، بۆچی دروشمی بەشداریکردن لە ئیدارەی فیدراڵی باشووردا بەرز دەکاتەوە؟ ئایا ئەمە دژایەتییەکی کوژەر نییە؟
ئایا یەکێتی کە تا دوێنێ لە هەوڵدانیدا بۆ جێپێ لەقکردنی پارتی، پێویستی بە شێوە هاوئاهەنگیەک هەبوو لەگەڵ پ.ک.ک، بۆچی ئەمڕۆ بۆ هەمان مەبەست لە تورکیا نزیک دەبێتەوە و بەرانبەر پ.ک.ک دەکەوێتە سەنگەری دوژمنایەتییەوە؟

٢٧-٩-٢٠٠٠
سوێد